إقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة الصحة
المديرية العامة للتخطيط

Kurdistan Region – Iraq
Council of Ministers
Ministry of Health

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی تەندروستی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان

No.:
Date: / / 2023

ژمارە: ٢٢٢١٥
ڕێکەوت: ١٣ / ١٢ / ٢٠٢٢

**بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی**

**هەولێر/سلێمانی/دهۆک/هەڵەبجە/ڕاپەڕین/گەرمیان/کۆیە/سۆران/زاخۆ**

## بابەت/ ڕێنمایی نیشتەجێی دێرینی پزیشکی

پاڵپشت بە ڕێنمایی وەزارەتمان ژمارە ١٩٩٧٥ لە ٢٠٢٢/١١/٢٩، وە دوابەدوای کۆبوونەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان لە گەڵ بەڕێوەبەرایەتیە گشتیە تەندروستیەکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە، ڕاپەڕین، گەرمیان، کۆیە، سۆران، زاخۆ. وە دوابەدوای ڕەزامەندی جەنابی وەزیری تەندروستی، بڕیارماندا بە هەموارکردنەوەی ڕێنماییەکانی پێشکەشکردن بۆ نیشتەجێی دێرینی پزیشکی بەم شێوەی خوارەوە:

١- پێویستە ساڵانە هەڵسەنگاندنی پێویستیەکان و ژمارەی میلاکی پێویست بۆ بەشە پزیشکیەکان ئامادە بکرێت لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان بە پێی ئەم پێوەرانەی خوارەوە وە ژمارەی کورسی پێویست بۆ هەر بەشێک بەرزبکرێتەوە بۆ وەزارەتمان بۆ ڕەزامەندی.

| بەش | میلاکی پزیشکی نیشتەجێی دێرین | ژمارەی وەرگیراو لە ساڵی پێشوو | ژمارەی پێویست بۆ ئەمساڵ | میلاکی ئێستای پسپۆر لەم بەشە | ژمارە قەرەوێلەی نەخۆش | ژمارەی نەخۆشخانە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| -١ | | | | | | |

٢- بەڕێوەبەرایەتیە گشتیە تەندروستیەکانی دەرەوەی شار دەبێت ئەو بەشانە بکەنەوە کە توانای ڕاهێنانی پزیشکی نیشتەجێی دێرینیان هەیە وەکو هەبوونی نەخۆشخانەی فێرکاری و پسپۆری بوارەکە و کەرەستە پێویستەکان. لە هەندێ بوار دەکرێت پزیشکی نیشتەجێی دێرین لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی دەرەوەی شار تەنسیب بکرێنەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر، سلێمانی، دهۆک بەپێی خشتەیەکی گونجاو بە مەبەستی ڕاهێنانی زیاتر و پەرەپێدانی تواناکان بەڵام دەبێت لاری نەبوونی هەردوو بەڕێوەبەرایەتی هەبێت وە دەبێت لەم بەشانە هەماهەنگی کرابێت لە نێوان بەڕێوەبەرایەتیەکان لەکاتی کردنەوەی بەشەکان و دەستنیشان کردنی ژمارەی کورسیەکان.

No.:
Date: / / 2023

ژمارە :
ڕێکەوت : / / ٢٠٢٣

٣- خولی تیشک و سۆنار هەر وەکو خولی تیشک و سۆنار دەمێنێتەوە بەڵام وەک بەشەکانی تری نیشتەجێی دێرینی ساڵانە بە ژمارەیەکی کورسی سنوردار بە پێی پێویستی بەڕێوەبەرایەتیەکان دەبێت وە پێکهێنانی لیژنەی تاقیکردنەوە لە سەنتەرەکانی ڕاهێنان دەبێت بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی کاندیدەکان و ڕاهێنانیان.

٤- پێشکەشکردن بۆ بەشەکانی نیشتەجێی دێرینی ساڵانە تەنها یەکجارە، دوای تەواو بوونی ماوەی پێشکەشکردن و هەڵسەنگاندنی ڕیزبەندی کاندیدەکان، لیستی کاندیدەکان لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیە تەندروستیەکان بەرزدەکرێنەوە بۆ وەزارەتمان بە پێی ژمارەی کورسی پەسندکراو، وە دەبێت هەوڵ بدرێت پێش کۆتایی ساڵ لیستەکان بەرز بکرێنەوە بۆ وەزارەتمان بۆ پێداچوونەوە و پەسندکردن.

٥- هەر کەسێک مامەڵەی وەرگرتن پێشکەش بکات لە بەڕێوەبەرایەتیەک کە میلاکی لەسەر نەبێت ئەوا دەبێت ڕەزامەندی لە شوێنی کارکردن و بەڕێوەبەرایەتیەکەی خۆی وەربگرێت پێش ئەوەی مامەڵەی وەرگرتن پێشکەش بکات بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکی تر.

٦- مەرجەکان و خاڵبەندی وەرگرتن بەم شێوازە دەبێت:

- نمرەی کۆلێژ لەسەر ٣٥ خاڵ ئەژمار دەکرێت.
- ڕیزبەندی کاندید لە کۆلێژ لەسەر ١٠ خاڵ ئەژمار دەکرێت بەپێی ئەم هاوکێشەیە:
  ١٠ – (ڕیزبەندی کاندید دابەش کۆی ژمارەی پۆل * ١٠)
- نمرەی تاقیکردنەوە (ئەگەر هەبوو) ٤٠ خاڵ ئەژمار دەکرێت. وە تاقیکردنەوە دەبێت تیۆری بێت.
- ساڵی خزمەتکردن وەک شارەزای گشتی تەنها ١.٥ (خاڵێک و نیو) ئەژمار دەکرێت بۆ هەر ساڵێک وە کۆی گشتی لە ٦ خاڵ زیاتر نابێت.
- نمرەی پلەبەندی بەپێی زۆن دەبێت لە ٢ تا ٧ خاڵ. زۆنەکان و خاڵەکان لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان دیاری دەکرێن.
- کاری بەڕێوەبردن تەنها ١ خاڵە بۆ سەرۆکی پزیشکان لە نەخۆشخانەکان وە ٣ خاڵە بۆ بەڕێوەبەری بەش و سەرۆکی پزیشکانی گشتی بە مەرجێک خزمەتی لە ساڵێک کەمتر نەبێت لە بەڕێوەبەردن وە دەبێت فەرمانی کارگێری هەبێت.

- لێخۆشبوون ناکرێت لە مەرجەکانی پێشوەختەی وەرگرتن بۆ بەشەکانی خشتەی سەرەوە تەنها بە ڕەزامەندی وەزارەت وە لە کاتی هەبوونی پێویستی و پڕنەبوونەوەی میلاکی پێویست لە بەشەکە.
- ئەوانەی پزیشکی نیشتەجێی دێرینن یان شارەزای بەشن ناتوانن ڕاستەوخۆ داوای گۆرینی بەشەکەیان بکەن بۆ بەشێکی جیاواز (جگە لەو بەشانەی کەوا پێشینەن بۆ بەشی تر).
- ئەوانەی پزیشکی نیشتەجێی دێرینی هەناو و نەشتەرگەری گشتین کە پێش بەرواری ڕێنماییمان ژمارە ١٩٩٧٥ لە ٢٠٢٢/١١/٢٩ وەرگیراون لە هەولێر و دهۆک ناتوانن ڕاستەوخۆ داوای گۆرینی بەشەکەیان بکەن بۆ ئەو بەشانەی کە لەخشتەی سەرەوە ئاماژەی پێدراوە.
- پزیشکی پسپۆر بۆی نیە داوای وەرگیران بکات لە بەشەکانی نیشتەجێی دێرینی. سەرەتا دەبێت ڕەزامەندی لێژنەی وەزارەت وەربگرێت لە سەر پاشگەزبوونەوە لە پسپۆرییەکەی وە دەبێت ڕەچاوی بەڵێننامە یاساییەکان بکرێت کە پزیشک واژووی کردووە لە کاتی وەرگیرانی لە خوێندنی باڵا.
- ئەو پزیشکانەی کەوا لێخۆشبوونیان بۆ کراوە لە ماوەی خولاوی و پلەبەندیان لەکاتی وەرگیرانیان لە بەشە پێویستەکان ئەوا بۆیان نیە داوای گۆرینی بەشەکەیان بکەن وە لە ئەگەری پاشگەزبوونەوەیان لە بەشەکەیان ئەوا لێخۆشبوونەکان هەڵدەوەشێتەوە.
- هەر پزیشکێک پاشگەزبێتەوە لە بەشەکەی دەبێت بگەڕێتەوە ناونیشانی پێشووی خۆی وە بۆی نیە تا ماوەی ساڵێک (١٢ مانگ) خزمەتکردن وەکو شارەزای گشتی پێشکەشی هیچ بەشێکی تر بکات (جگە لە بەشە زۆر پێویست و دەگمەنەکان کە میلاکیان پڕنەبۆتەوە).
- پزیشکی خۆبەخش و گرێبەست دەتوانن بەپێی هەمان مەرجەکانی سەرەوە داواکاری پێشکەش بکەن بۆ وەرگیران لە بەشەکانی نیشتەجێی دێرینی بەڵام دەبێت ڕەچاوی بەڵێننامە یاساییەکان و مەرج و ڕێنماییە کارگێریەکانی دامەزراندنیان بکرێت لەکاتی پێشکەشکردن و وەرگیران لەبەشەکانی نیشتەجێی دێرینی.

٧- وەرگیراوان پێویستە ٢ ساڵ وەکو نیشتەجێی دێرینی بەردەوام بن لە نەخۆشخانەکان لەژێر چاودێری پسپۆری بەشەکان، دوای تەواو کردنی ماوەی ٢ ساڵ بە سەرکەوتوویی ئەوا دەبێت لە هەڵسەنگاندن دەربچن بۆ گۆرینی ناونیشانیان بۆ شارەزای بەش. لە ئەگەری دەرنەچوون ئەوا ٦ مانگ درێژکردنەوەی ماوەکەیان بۆ دەکرێت. لە ئەگەری دووبارە دەرنەچوون، ئەوا دەگەڕێنەوە ناونیشانی پێشووی خۆیان وە تا ماوەی ساڵێک بۆیان نیە پێشکەشی هیچ بەشێکی تر بکەنەوە.

No.: زمارە :
Date: / / 2023 ڕێکەوت : / / ٢٠٢٣

- کەمکردنەوەی ۱ خاڵ بۆ هەر سزایەک وە کەمکردنەوەی ۳ خاڵ بۆ سزای توند کە لەلایەن کارگێری بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان دیاری دەکرێت. تەنها سزای دوو ساڵی ڕابردوو ئەژمار دەکرێت.
- بەڕێوەبەرایەتیە گشتیە تەندروستیەکانی هەڵەبجە، گەرمیان، ڕاپەرین، سۆران، کۆیە، زاخۆ پێشینە دەدەنە میلاکی خۆیان لە کاتی وەرگیران لە هەر بەشێک. میلاکی خۆیان ئەو کەسانەن کە لە دوای ماوەی پلەبەندی بە لایەنی کەم ساڵێک خزمەتیان کردووە لەسەر میلاکی ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی ئاماژەیان پێدراوە لە سەرەوە وە خەلکی ناوچەکەن یان پابەندی دەوام و مانەوەن لە ناوچەکە بە پێی بەلگەی پێویست ( کارتی زانیاری، شوێنی مانەوە...هتد).
- دەبێت پێشکەشکردن بۆ نیشتەجێی دێرینی دوای دوو ساڵ تەواو کردنی نیشتەجێی خولاوی و ساڵێک پلەبەندی بێت. لێخۆشبوون لە ماوەی پلەبەندی تەنها بۆ ئەو بەشانەیە کە زۆر پێویستن. دوای ڕەزامەندی وەزیری تەندروستی، دەکرێت بەشێوەیەکی سنوردار و مەرجدار لێخۆشبوون لە ماوەی پلەندی بکرێت بۆ ئەو بەشانەی کەوا میلاکی پێویست نەتوانراوە پڕبکرێتەوە.
- مەرجەکانی پێشوەختەی وەرگرتن بۆ ئەم بەشانەی لەخشتەی خوارەوە ئاماژەی پێدراوە:

| | بەش | مەرجی پێشوەختەی وەرگرتن |
|---|---|---|
| ١ | Dermatology | دوو ساڵ بەشی هەناوی |
| ٢ | Rheumatology | یەک ساڵ بەشی هەناوی |
| ٣ | Plastic Surgery | دوو ساڵ بەشی نەشتەرگەری گشتی |
| ٤ | Urology | یەک ساڵ بەشی نەشتەرگەری گشتی |
| ٥ | Ophthalmology | یەک ساڵ بەشی نەشتەرگەری گشتی |
| ٦ | ENT | یەک ساڵ بەشی نەشتەرگەری گشتی |

- لەکاتی پڕبونەوەی میلاکی پێویست لە بەشەکانی هەناو نەشتەرگەری گشتی دەکرێت بەشی تری زۆر پێویست بکرێتە مەرجی پێشینەی وەرگرتن بۆ ئەم بەشانەی سەرەوە بەتایبەت لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیە تەندروستیەکانی دەرەوەی شار. بەڵام ئەمە سەرەتا پێویستی بە ڕەزامەندی وەزارەت و هەڵسەنگاندنی وردی پێویستیەکانی بەشی داواکراوە.

ژمارە:
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

No.:
Date: / / 2023

٨- جەخت کردنەوە لەسەر ناردنی ناوەکان بە لیست و ریزبەندی وە لەکاتی دیاریکراوی پێشکەشکردن. مامەڵەی تاکە کەسی بۆ وەرگیران لە هەر بەشێک ڕەتدەکرێتەوە.

**د. سامان حسين بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**
٢٠٢٢/١١/١٩

وێنەیەک بۆ

- نووسینگەی بەرێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا...
- نووسینگەی بەرێز بریکاری وەزیر/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا...
- ڕاوێژکاران/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا...
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان / بەشی توێژینەوە/ لەگەڵ بەراییەکان.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارگێری و دارایی/ بەڕێوەبەرایەتی کارگێری / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا...
- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی/ بۆ بڵاوکردنەوەی لە وەقایعی کوردستان
- دۆسیەی گشتی
- خولاو

| زاخۆ | سۆران | کۆیە | ڕاپەڕین | گەرمیان | هەڵەبجە | دهۆک | سلێمانی | هەولێر | بەش |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 8 | 6 | 7 | 8 | 6 | 4 | 20 | 23 | 15 | Internal Medicine |
| 8 | 6 | 6 | 8 | 7 | 4 | 15 | 24 | 6 | General Surgery |
| 7 | 4 | 8 | 8 | 6 | 4 | 20 | 5 | 10 | Pediatrics |
| 4 | 6 | 7 | 8 | 8 | 4 | 15 | 4 | 10 | Obstetrics and Gynecology |
| 12 | 4 | 6 | 4 | 6 | 6 | 15 | 10 | 15 | Anesthesia |
| 6 | 4 | 5 | 8 | 6 | 4 | 7 | 12 | 3 | Orthopedics |
| 6 | 3 | 4 | 2 | 3 | 1 | 6 | 4 | 2 | ENT |
| 2 | 2 | 4 | 3 | 3 | 1 | 0 | 4 | 2 | Ophthalmology |
| 4 | 3 | 3 | 5 | 2 | 1 | 5 | 4 | 10 | Neurology |
| 4 | 2 | 3 | 5 | 2 | 1 | 5 | 2 | 4 | Neurosurgery |
| 0 | 4 | 1 | 0 | 4 | 1 | 0 | 3 | 5 | Family Medicine |
| 3 | 0 | 2 | 0 | 4 | 2 | 5 | 2 | 5 | Forensic medicine |
| 0 | 0 | 1 | 0 | 4 | 0 | 0 | 2 | 2 | Community Medicine |
| 4 | 2 | 2 | 4 | 2 | 2 | 5 + 4 | 8 | 5 | Psychiatry + pediatric Psych. |
| 2 | 2 | 2 | 2 | 2 | 2 | 0 | 5 | 8 | Radiology |
| 0 | 2 | 0 | 2 | 2 | 2 | 0 | 2 | 2 | Dermatology |
| 0 | 2 | 2 | 2 | 2 | 2 | 0 | 2 | 2 | Plastic Surgery |
| 4 | 2 | 2 | 0 | 3 | 0 | 2 | 1 | 2 | Oncology |
| 4 | 2 | 2 | 2 | 3 | 0 | 2 | 3 | 10 | Clinical Hematology |
| 3 | 2 | 1 | 4 | 2 | 1 | 5 | 4 | 5 | Cardiothoracic Surgery |
| 2 | 2 | 2 | 0 | 2 | 0 | 3 | 2 | 10 | Pediatric Surgery |
| 2 | 2 | 3 | 4 | 3 | 2 | 0 | 4 | 5 | Rheumatology |
| 4 | 2 | 5 | 4 | 3 | 1 | 0 | 2 | 4 | Urology |
| 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 2 | hematopathology |
| 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 2 | 0 | 2 | Radiation Oncology |
| 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 2 | Neurophysiology |
| 5 + 3 | 4 | 5 | 0 | 0 | 0 | 10 | 10 | 10 | Emergency + Trauma |
| 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 2 | 4 | pediatric hematology |
| 0 | 0 | 3 | 2 | 2 | 0 | 0 | 0 | 5 | Nephrology |
| 0 | 0 | 0 | 2 | 2 | 2 | 0 | 2 | 0 | Breast Physician |
| 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 2 | 2 | 3 | Audiology |
| 0 | 0 | 0 | 2 | 0 | 0 | 3 | 2 | 3 | Maxillofacial Surgery |
| 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 1 | Nuclear Medicine |